کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-12-2006 11:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەنێوان ململانێ وڕیفۆرم و پلنیۆمدا ... ڕێبەر تاڵەبانی



یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك حزبێکی سیاسی هەڵگری بیری سۆشیال دیموکرات لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستان وعێراق وناوچەکە وجیهان سەنگ وقورسایی خۆی هەیە، بەواتای لەڕووی پەیوەندی دیبلۆماسی وکاری سیاسی وسەربازی وئابوری وئەمنی وڕووناکبیرییەوە نێوەندێکە بۆ کۆبونەوەی خەڵکانی شۆڕشگێڕ وڕووناکبیر وخاوەن بیر وبۆچوونی هاوچەرخ، هەمیشەش بەحزبێکی نوێخواز وتازەگەر ناسراوە، بەتایبەت لەسەردەمانی شاخ ودوای ڕاپەڕین وپرۆسەی ئازادی عێراق پاش پرۆسەی ئازادی عێراق یەکێتی ڕووبەڕووی قۆناغێکی نوێ لەخەبات وڕووبەڕووبونەوە بەرانبەر مەسەلەی مەلەفاتی هەندێ لەکەسایەتییەکانی ناو حزب وگرژی بارودۆخی ئەمنی عێراق ومامەڵکردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بەتایبەت وهێزەکانی هاوپەیمانان وولاتانی دراوسێ وپارتە جۆراوجۆرەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان وعێراق بەگشتی بۆوە، سەرەڕای هەڵس وکەوتکردن لەگەڵ دۆخی هەرێم وبەدەزگاکردنی هەرێمی کوردستان لەڕووی یاسایی وجێبەجێکردن ودادوەری کەلەقۆناغی یەکگرتوویيدایە، هەروەها بەشداریکردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەناوەندی دەسەڵات لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ کەبەتەواوەتی نەهاتۆتە دی، پاشان کێشەی ناوچە تازە ئازاد کراوەکان ومەسەلەی بودجەی هەرێم لەناوەند وکێشەی کارەبا وسوتەمەنی وپێشمەرگە، لەم بوارانەدا پێم وایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەنگاوی باش ناوە، بەڵام مانای دەستەبەرکردنی تەواوەتی کار وپلان وپرۆژە ستراتیژییەکانی یەکێتی نییە کەپێویستە بەدەستی بهێنایە، لەسەروو هەموویانەوە کێشەی ناوخۆی یەکێتی کەخۆی لەململانێدا دەبینێتەوە بەڵام کام جۆر ومۆرکێك لەململانێ؟؟

یەکێتی لەسەرەتای دروست بوونییەوە بەحزبێکی فرەمینبەر ناسراوە ولەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لەساڵی 1992 لەشاری هەولێر یەکێتی وەك پارتێکی سۆشیال دیموکرات بەیەکپارچەیی بەگوڕێکی نوێوە هاتە نێو ڕیزی خەباتی سیاسی وئیداری، بەو شێوەیەی یەکێتی لەشێوەدا یەکگرتوو ولەناوەڕۆکدا بەبۆچوونی جیاواز وهاتنە گۆڕێی ململانێ لەقۆناغێکی نوێدا خۆی بینییەوە بەتایبەت پاش دەست بەکاربوونی بەڕێز (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) وەك بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن ودواتر بوون بەسەرۆکی حکومەتی هەرێم لەشاری هەولێر بەرەیەك دژ بەم دەسەڵاتەی حکومەت لەباڵی تەکەتولی ناسراو بەزیندان لەلایەن بەڕێزان (جەبار فەرمان - عومەر سەید عەلی) کەسەرکردایەتی کوتلەی حزب وپێشمەرگەیان دەکرد بەشێکی ئەو دوولایەنەیان لەگەڵدا بوو، ئەم ململانێیە بەردەوام بوو تابەستنی کۆنگرەی دووهەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشاری سلێمانی، ئەنجامی کۆنگرەش پێشتر لەلایەن سکرتێر وبەشێکی سەرکردایەتی وەك بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا - فوئاد مەعصوم - کەمال فوئاد - عادل موراد) کار بۆ هاوسەنگی ڕاگرتنی یەکێتی ودۆخی کۆنگرە کرا، سەرەنجامیش بینرا کە باڵی بەڕێز (کۆسرەت ڕەسوڵ) سەرکەوتنی لەزۆرینەی کاندید کراوەکاندا بەدەست هێنا، هەرچەندە بەڕێزان (کۆسرەت ڕەسوڵ وجەبار فەرمان) پێشتر پێشنیار کران کەبەشێوەی ناوەندی ببنە ئەندامی سەرکردایەتی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە ومام جەلال وەك سکرتێری نوێی حزب وپۆستی

جێگری سکرتێریش بەبێ دەست نیشانکردنی هیچ کەسێك مایەوە دۆخی ئامادەکردنی یاداشتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا - کۆسرەت ڕەسوڵ - عومەر سەید عەلی) پاش پڕۆسەی ئازادی عێراق، ئەو دۆخەی کەپێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت دەستی پێکرد، لەهەنگاوەکانی سەرەتای پرۆسەکەدا بەدەر لەئازوویی گشتی بۆ چاکسازی حزب دوو خوێندنەوە بۆ ئەم پڕۆژەیە دەکرا یەکێکیان دابەزینە خوارەوەی پڕۆژەکەی مەکتەبی سیاسی وڕێبەرانی ڕیفۆرم لەڕێگەی کادرەکانی خوارەوە بۆ نێو فەرماندەیی ومەڵبەندەکان ودەزگا حکومییەکان، لەگەڵ هەندێ بۆچوونی توند کەبووە جێگەی نارەزایی هەندێك کەسانی نێو یەکێتی ودەرەوەی یەکێتی لەڕوونکردنەوەی بۆچوونەکان، کەپێم وایە لەزۆر شوێن لەمەبەستی سەرەکی لادان هاتە گۆڕێ وتوندو تیژیشی لێکەوتەوە، خوێندنەوەی دووهەمیان بوونی گۆڕانکاری وڕیفۆرم لەساتەوەختی دەرکەوتنی مەلەفی هەندێك لێپرسراوان وهەڵبژاردنەکانی عێراق وقۆناغێکی نوێ لەکارکردن لەبواری سیاسی ودیبلۆماسی وڕێکخراوەیی وسەربازی وئیداری بوو کەسەدایەکی باشی هەبوو لای هەندێك لەڕۆشنفکرانی کوردستان کەئامازەی تازەگەرییە وەك قۆناغەکانی ڕابووردوو کەیەکێتی پێیدا تێپەڕیوە، بۆیە پێویستە ڕیفۆرمیش هەمیشە لایەنە ئیجابی وسلبیەکانی بخوێنرێتەوە ولەگشتیشدا پڕۆسەیەکە کەگۆڕان دەکات بەشێوەیەکی سەرەکیش چاکسازی وفۆرمێکی نوێ دەداتە پارت یان وڵات یان دەزگای ناوبراو

قۆناغی پاش دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (نەوشیروان مستەفا) کەپاش ئامادەکردنی پڕۆژەی ڕیفۆرم وگفتوگۆ لەگەڵ سکرتێری گشتی بەڕەسمی وەك جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی ناسرا، بەڵام ساڵ ونیوێك لەکارکردن وبڵاوبوونەوەی مەسەلەی ڕیفۆرم وکارکردن بۆ گۆڕانکاری بەتێڕوانینی جێگری سکرتێگری یەکێتی، هەنگاوی یەکەم بەدەست پێکردنی هەڵبژاردنەکانی ڕێکخستن لەسەرجەم مەڵبەندەکان لەشار وشارۆچکەکانی کوردستاندا کۆتایی پێهات کەڕەزامەندی خودی سکرتێر وتێکڕای ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەبارەوە درابوو، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش کەباڵی ڕیفۆرم بەسەرکردایەتی بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا - عومەر سەید عەلی - حەمە تۆفیق ڕەحیم - مستەفای سەید قادر - عوسمانی حاجی مەحمود) ئەندامای مەکتەبی سیاسی بەڕێوە دەچوو جێی متمانە ودیدی بەڕێز (نەوشیروان مستەفا) نەبوو، چونکە زۆرێك لەمەڵبەندەکان ئەو کادرانە دەرچوون کەخۆیان بەدۆستی سکرتێری گشتی وبەرپرسی دەستەی کارگێڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەزانن، بەو پێیەی بەڕێز (کۆسرەت ڕەسوڵ) لەگەڵ ئەو کادرانەی کەنزیك بوون لێی بەباڵێکی سەربەخۆ لەهەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کرد، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ بێزاری زیاتری باڵی ڕیفۆرم بەتایبەت خودی جێگری سکرتێر، هەروەها بڕوا بوون بەئەستەمی لەپێناو گۆڕانکاری ڕیشەیی لەدیدی بەڕێز (نەوشیروان مستەفا) بۆ کارکردنی یەکێتی بەشێوازێکی نوێ ومۆدێرن لەداهاتوودا، کۆتایش دەست لەکارکێشانەوەی جێگری سکرتێر بوو بەشێوەیەکی ڕەسمی لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لەبەغداد لەسەرەتای مانگی دیسەمبەردا، پاشان بڕیاردانی بەڕێز (حەمە تۆفیق ڕەحیم) بەدەست لەکارکێشانەوەی لەئەندامێتی مەکتەبی سیاسی وبەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە دەرەکییەکان، بەڵام هەڵوێستی بەڕێزان (عومەر سەید عەلی - عوسمان حاجی مەحمود - مستەفا چاوڕەش) تا ئێستا نادیارە دوا گۆڕانکاری وقۆناغ کەئێستا یەکێتی پێیدا تێپەڕ دەبێت بڕیاردانە بۆ بەستنی پلنیۆمی حزب لەمانگی یەنایەری ساڵی نوێ، ئەم پلنیۆمەش بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی چاکسازی حزبە پاش هەڵبژاردنەکانی ڕێکخستن، بەڵام ئایا دەزگاکانی تری یەکێتی هەڵبژاردنی بۆ دەکرێت؟ ئایا ئالیەتی بەشداریکردنی پلنیۆم چۆن دەبێت؟ ئەو بوارانە چین کەیەکیچتی گۆڕانکاری تێدا بکات؟

لەکۆتایدا سەرنج دان بۆ مەلەفی پلنیۆمی یەکێتی دەبێت چڕبوونەوە بێت (لەنەهێشتنی گەندەڵی ناو دەزگاکانی حزب لەسەرەوە بۆ خوارەوە - چاودێریکرنی کادران لەنێو دەزگاکانی حکومەتدا - دانانی لیژنەی باڵا لەمەکتەبی سیاسی بۆ کاروباری هەرێم لەڕووی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 وبودجەی هەرێم وکێشەی کارەبا وسوتەمەنی وپۆستەکانی ناوەند وهەرێم بەپێشنیارکردن ودیراسەرکردنی ووردی مەسەلەکان - سووربوون لەسەر یەك هەڵوێستی وهاوپەیمانێتی یەکێتی لەناوەوەی کوردستان وئاستی عێراق وهەرێمی وجیهانی - کارکردنەوە بەبیری سۆشیال دیموکرات ودوورکەوتنەوە لەسۆشیالیزم ودیموکرات - گرنگی دان بەبواری ڕێکخستن وپێشمەرگە وئاسایش وئیدارە ودیپلۆماسی - دروستکردنەوەی ڕۆحی نەتەوەیی ونیشتمانی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان - نزیکبوونەوەی حزب لەتێکڕای ئاستەکاندا لەجەماوەری کوردستان - بەهێزکردنی دەزگای چاودێری دارایی وڕاگەیاندن وهەڵبژاردن - دامەزراندنی مەکتەبی لێکۆڵینەوە - دەسەڵات دان بەکادیر وممارەسەکردن لەچوارچێوەی دەسەڵاتی دیاریکراودا - هەستی لێپرسراوێتی وبەرپرسیارێتی بخرێتەوە نێو ئەستۆی کادیرانی یەکێتی - گرنگی بەژنان وگەنجان بدرێت لەکاری سیاسی وئیداری ودیپلۆماسی وسەربازی وئەمنی - کارکردن بۆ سیستمێکی نوێی دارایی وکارگێڕی لەحزبدا - مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بەرەو زیاتری داو دەزگا ببرێت ودیموکراسی تەواوی بۆ بڕەخسێنرێت لەکارکردن - یەکێتی هەلگری پەیامێکی لۆژیکانەی ویستخواستی جەماوەری بێت - هەڵوێست دەربڕین لەکات وساتی خۆیدا لەبەرانبەر هەر ڕووداو وپێشهاتێك بەهەر لایەنێك ئیجابی بێت یان سلبی - شەفافیەت لەسەرجەم بوارەکانی کارکردندا)، بەم پێیەش دەتوانرێت بگوترێت یەکێتی لەهەنگاوی چاکسازیدایە، بەڵام نەتوانین وجێبەجێنەکردن ولادان لەم بوارە جۆراو جۆرانەدا کارێکە یەکێتی لەم قۆناغەی ئێستا دەرباز ناکات؟؟

ڕێبەر تاڵەبانی - خوێندکاری خوێندنی باڵا / ڕاگەیاندن - قاهیرە